**سەندیکای ژمێریاران و ووردبینان**

**ژمارە:١٦٠٥٧ لە ٢٠٢٣/١٢/٥**

پالپشت بە ئەحکام یاسایی سەندیکایی ژمێریاران و وردبینانی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٠ و پەسەندکردنی کۆنگرەی دووەمی سەندیکا ژمێریاران و وردبینان لە ڕێکەوتی (٢٧-٢٠٢٣/٧/٢٦)

## پەیڕەوی ناوخۆی

## سەندیکای ژمێریاران و وردبینانی هەرێمی کوردستان - عێراق (هەموارکراو)

**ماددەی (١):**

ئەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ئەو مانایانەیان دەبێت کە لە بەرامبەریان ئاماژەی پێکراوە:

١- **هەرێم:** هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- **سەندیکا:** سەندیکای ژمێریاران و وردبینان.

٣- **ئەنجومەن:** ئەنجومەنی سەندیکا.

٤- **نەقیب:** نەقیبی ژمێریاران و وردبینان.

٥- **دەستەی گشتی:** هەموو ئەو ئەندامانەی بەپێی پەیرەو نوێنەرایەتی سەندیکا دەکەن.

٦- **تۆمار:** تۆماری تایبەت بە تۆمارکردنی ناوی کارمەندان (ئەندامان) و ناونیشانیان.

٧- **پیشە:** هەر کارێکە کە دەچێتە نێو مەودای گشتی پیشەی ژمێریاری و وردبینی، لەوانەش ووتنەوەی وانەی زانستە ژمێریاریەکان و وردبینیەکان، و بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی و هەڵگرتنی تۆمارە ژمێریاری و وردبینیەکان و دانانی سیستم و بەرنامە ژمێریاریەکان.

٨- **مۆڵەت پێدراو بۆ کارکردن:** هەر کەسێك لە ئەندامان و پیادەکاران، کە ڕێگەی پێدراوە بە کارکردن وەك ژمێریار بەپێی هەندێك مەرج کە لەلایەن ئەنجومەنەوە دانراون.

٩- **ئۆفیسی ڕێکخستنی ژمێریاری:** ئەو ئۆفیسەیە کە لەلایەن یەکێك یان زیاتر لە ئەندامانی سەندیکا دادەمەزرێت، لەوانەی کە مەرجەکانی کردنەوەی ئۆفیسیان تێدا بەدی دەکرێت بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە سەندیکا دەریان دەکات.

١٠-**ئۆفیسی ڕاوێژکاری:** ئەو ئۆفیسەیە کە ئەندامێکی سەندیکا دایدەمەزرێنێت بە مەرجی تایبەت و بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە سەندیکا دەریان دەکات.

**ماددەی (٢):**

١- سەندیکا کەسایەتیەکی مەعنەوی هەیە و مافی خاوەندارێتی و ڕەفتارکردنی هەیە بە سامانە گوازراوە و نەگوازراوەکان.

٢-بارەگای سەندیکاکە لە هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێت و بۆی هەیە کە لقەکانی لە پارێزگاکان و نوێنەرایەتیەکان و لە یەکە کارگێڕیە سەربەخۆکان بکاتەوە.

**ماددەی (٣): ئامانجەکانی سەندیکا**

سەندیکا لە بنەڕەتدا هەوڵ دەدات بۆ بەرزکردنەوە و پاراستنی پیشە و بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی و ڕۆشنبیری و ئابووریی ئەندامەکانی و کارکردن بۆ بەهێزکردنی گیانی هاوپیشەیی و هاوکاری نێوان ئەندامان وبەرگریکردن لەمافەکانیان وچاودێریکردنی بەرژەوەندیەکانیان ودابینکردنی خزمەتگوزاریە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان بۆیان،لەو پێناوەدا کار دەکات بۆبەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوە:

١- بەشداریکردن لە بەرزکردنەوەی ئابووری هەرێم و پلاندانان بۆی بە هاوکاری لەگەڵ لایەنە تایبەتمەندەکان (دامەزراوەکان و فەرمانگەکان) بۆ برەودان بە دامەزراوە کارگێڕییەکان و پەرەپێدانیان و ڕێکخستنی توانا و شارەزاییە داراییەکان بۆ خزمەتکردنی هەرێم.

٢- ڕێکخستن و چاودێریکردنی بنەما و شێوازەکانی پیادەکردنی پیشە بەپێی بنەماکانی ڕەفتاری پیشەیی کە سەندیکا دەریان دەکات.

٣- کردنەوەی خولەکان بۆ ئەندامانی کەرتی تایبەت و کارمەندان لە فەرمانگە حکومیەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و شارەزاییە دارایی و ژمێریاریەکان بۆیان، هەروەها دابینکردنی هەلی کار بۆ مۆڵەت پێدراوان بۆ بەرزکردنەوەی توانستیان و بۆ باشترکردنی دۆخی ئابووریيان.

٤- هاوکاریکردن لەگەڵ سەندیکاکان و کۆمەڵەکان و دەستە پیشەییەکانی تر لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم لەپێناوی بەدیهێنانی مەرامە هاوبەشەکان لە ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموون و بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی.

٥- ڕێگەدان بە دامەزراندنی کۆمەڵە زانستیەکان و پیشەییەکان و یانە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە سەندیکاوە، کە کاردەکەن بۆ چالاککردنی ئەو زانست و بابەتانەی کە دەکەونە چوارچێوەی پیشەکەوە، ئەویش لەسەر پێشنیاری ئەنجومەن.

٦- بەرگریکردن لە مافە ماددی و مەعنەویەکانی کارمەندان و هەوڵدان بۆ ئاسانکاریکردن بۆ کاری گونجاو بۆیان.

**ماددەی (٤): مەرجەکانی ئەندام بوون**

١- مەرجە گشتیەکانی پەیوەستبوون بە سەندیکا:

أ. دەبێت هاوڵاتی هەرێم بێت یان دانیشتووی هەرێم بێت.

ب.دەبێت هاوڵاتی عێراقی بێت.

ج. دەبێت توانای تەواو شیاو بێت و مافە مەدەنییەکانی هەبێت و سزا نەدرابێت بەتاوانێکی ناسیاسی یان کەتنێکی پەیوەست بە شەرەفەوە.

د. بەشداربوو: کەسێکی ناعێراقییە کە مەرجەکانی ئەندام بوون بە سەندیکای تێیدا بەدی بکرێت و ڕێگەی پێدەدرێت کە پیادەی پیشەکە بکات بەپێی پلەکەی و بەپێی ئەم پەیرەوە، هەروەها سوودمەند دەبێت لە هەموو مافەکان، جگە لە مافی خۆکاندیدکردن و مافی دەنگدان، ئەندامێتیەکەشی لە سەندیکا بە ڕەزامەندی ئەنجومەن پەسەند دەکرێت.

٢- ئەندامان و پیادەکاران پۆلێن دەکرێن بۆ دوو گروپ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**گرووپی یەکەم:** ئەندامەکان، کە  پۆلێن دەکرێن بۆ دوو جۆر، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. ئەندامی ڕەسەن: ئەو کەسەیە کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە ژمێریاری لە یەکێك لە زانکۆکانی عێراق یان بڕوانامەیەکی هاوتا، بە شێوەیەك کە پێچەوانە نەبێت لەگەڵ پەیرەو و ڕێنمایی و بڕیارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێم.

ب.ئەندامی وەرگیراو: هەر کەسێکە کە مافی ئەندامێتی لە سەندیکادا بەدەستهێنابێت بەپێی مەرجەکانی پیادەکاران لە هەردوو جۆری (أ) و (ب).

**گرووپی دووەم:** (پیادەکاران)، کە بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن دەکرێن:

**یەکەم:** پیادەکارانی پلەی (أ)، ئەوانیش بریتین لە:

١- هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستە بازرگانی و دارایی و بانکیەکان و کارگێڕی کار.

٢- هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆم لە ژمێریاری (پەیمانگا تەکنیکیەکان)، بەمەرجێك ماوەی خوێندن لێیان لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت لەدوای بڕوانامەی ئامادەیی.

**دووەم:** پیادەکاران لە پلەی (ب)، کە بریتین لە:

١- دەرچووانی ئامادەیی بازرگانی (ژمێریاری و بازرگانی گشتی).

٢- هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمی ژمێریاری کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە پەسەند کرابێت.

**سێیەم:** پیادەکارانی پلەکانی (أ) و (ب) بەپێی ڕێنماییەکانی   ئەنجومەن دەگوازرێنەوە.

**چوارەم:** لقەکانی سەندیکا لەسەر ئەم بنەمایە هەڵدەستن بە دووبارە ڕێکخستنەوەی فایلەکان.

**پێنجەم:** لیژنەیەك پێکدەهێنرێت بە سەرۆکایەتی نەقیب یان هەرکەسێك دەسەڵاتی پێبدات و ئەندامێتی سەرۆکی لقەکان یان ئەوانەی کە دەسەڵاتیان پێدەدرێت، بۆ پێداچوونەوە بە دۆسیەی ئەندامان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دانراون لەو پۆلەی کە شایستەن پێیان.

**شەشەم:** سەرجەم دۆسیە سەرەکییەکانی ئەندامان لە بارەگای سەندیکا لە هەولێر هەڵدەگیرێن.

**ماددەی (٥): ڕێکارەکانی ئەندام بوون**

١- ئەندام بوون بە سەندیکا بە داواکارییەکی نووسراو دەبێت کە پێشکەش بە نەقیب یان سەرۆکی لق لە پارێزگاکە دەکرێت، لەگەڵ هاوپێچ کردنی بەڵگەنامە پێویستەکان.

٢- داواکاری ئەندام بوون دەخرێتە ڕوو بۆ ئەنجومەن بۆ بڕیاردان لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا لە ڕێکەوتی تۆمارکردنی لە سەندیکا، ئەنجومەنیش مافی ڕەتکردنەوەی داواکاریەکەی هەیە بە بڕیارێکی بە پاساو.

٣- ئەنجومەن بۆی هەیە داواکاری ئەندامبوون ڕەت بکاتەوە بە بڕیارێکی بە پاساو، هەروەها خاوەنی داواکاری بۆی هەیە تانەی لێبدات لە دادگای پێداچوونەوە لە هەرێم لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندنی، بڕیاری دادگاش کۆتایی دەبێت.

٤- لە ئەگەری پەسەندکردنی داواکاریی ئەندام بوون، ناسنامەیەکی ئەندامێتی پێدەدرێت بەپێی پلەکەی و ناوی دەخرێتە ناو تۆمار.

**ماددەی (٦): پلە بەرزکردنەوە:**

**یەکەم: مەرجە گشتیەکان:**

١-پلە بەرزکردنەوەی پیادەکاران لە پۆلی (أ) بۆ ئەندامێکی وەرگیراو و لە پلەی (ب) بۆ (أ)، لە ڕێگەی داواکارییەکی نووسراوەوە دەبێت کە پێشکەش بە نەقیب یان سەرۆکی لق دەکرێت لە پارێزگا، دواتریش پێشکەش بە لیژنەی سەرپەرشتیکردنی پلەبەرزکردنەوەکان لە سەندیکا دەکرێت بۆ سەیرکردنی.

٢- داواکاری و بەڵگەنامەکان وردبینی دەکرێن لەلایەن لیژنەی سەرپەرشتیاری پلەبەرزکردنەوەکان و ڕاسپاردەکان پێشکەس بە ئەنجومەن دەکرێن بۆ تاوتوێ کردنیان و دەرکردنی بڕیاری گونجاو.

٣- لیژنەی پلە بەرزکردنەوەکان لە سەندیکا پێکدەهێنرێت، کاتەکانی پێشکەشکردنی داواکاریەکانیش بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان یان بەشداریکردن لە خولەکان و ڕێکەوتی ئەنجامدانیان بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێت کە لەلایەن ئەنجومەن دەریدەکات.

**دووەم: مەرجە زانستی و پیشەییەکان:**

١- لە پلەی (أ) بۆ ئەندامێکی بەدەست هێنراو:

أ. پیادەکردنی پیشە بۆ ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە (١٠) دە ساڵ دوای دەرچوون بە بڕوانامەیەك کە پشتگیری ئەم پیادەکردنە بکات.

ب.بەشداریکردن لە خولی تایبەت بە پلە بەرزکردنەوە و دەرچوون لەو تاقیکردنەوەی کە سەندیکا لەم بارەیەوە ئەنجامی دەدات.

٢- لە پلەی (ب) تا (أ):

أ. پیادەکردنی پیشە بۆ ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە (١٠) دە ساڵ بە بڕوانامەیەك کە پشتگیری ئەوە بکات.

ب.بەشداریکردن لە خولی تایبەت بە پلە بەرزکردنەوە و دەرچوون لەو تاقیکردنەوەی کە سەندیکا لەم بارەیەوە ئەنجامی دەدات.

**ماددەی (٧):** هەریەك لە ئەندام و مۆڵەت پێدراو لە هەڵسوکەوتەکانیاندا پابەند دەبن بەمانەی خوارەوە:

١- ڕێساکانی شەرەف و راستگۆیی و دەستپاکی.

٢- بنەما پیشەییەکان کە لەلایەن سەندیکاوە دانراون.

٣- یاسا و پەیرەو و ڕێنماییەکانی پەیوەست بە سەندیکا.

٤- پاراستنی نهێنیەکانی پیشە تەنانەت دوای جێهێشتنی کاریش.

**ماددەی (٨):** ئەندام و مۆڵەتپێدراو بە کارکردن لە سەندیکا، بۆیان نیە هەڵبستن بەم کارانەی خوارەوە:

١- بەکارهێنانی هەر ئامرازێك یان شێوازێك بە مەبەستی بەدەستهێنانی قازانجێکی ناڕەوا.

٢- پشتگوێخستن یان ڕێگریکردن لە جێبەجێکردنی یاسا و پەیرەوە و ڕێنماییەکانی پەیوەست بە سەندیکا، لەگەڵ ڕەچاونەکردنی بنەکانی ڕەفتاری پیشەیی.

٣- پیادەکردنی پیشە بەبێ نوێکردنەوەی ئابوونەی ساڵانە بۆ ماوەی دوو ساڵی یەك لەدوای یەك.

٤- خۆلکاندن بە نازناوی زانستی یان پۆستێکی پیشەیی نا دروست یان پەسەند نەکراوە بەپێی یاسا و پەیرەو و ڕێنماییە کارپێکراوەکان.

٥- ئەنجامدانی هەڵەیەکی تەکنیکی گەورە بە کەمتەرخەمی کە زیانێکی زۆر بە کەسانی پەیوەندیدار دەگەیەنێت.

٦- ئەنجامدانی تاوانێك سەبارەت بە شەرەف.

٧- تێپەڕاندنی سنووری پیادەکردنی ئەو پیشەیەی کەبەپێی ئەم پەیرەوە و ڕێنماییەکانی کۆمەڵەکە دیاری کراوە.

**ماددەی (٩):**

پێشێلکاری بڕگەکانی ماددەی حەفتەم و ماددەی هەشتەمی ئەم پەیرەوە ڕەوانەی لیژنەی ڕێککاری دەکرێت.

**ماددەی (١٠):**

١- ناکرێ هیچ کەسێك جگە لە ئەندامانی سەندیکا دابنرێت لەو کارانەی کە بە بنچینەی پیشەکە دادەنرێن، ئەم بڕگەیە جێبەجێ دەکرێت بەسەر فەرمانگەکانی حکومەت و دامەزراوە فەرمی و نیمچە فەرمییەکانی تر و کۆمپانیا پشکدارەکان و سنووردارەکان و پڕۆژە پیشەسازییە تۆمارکراوەکان و وردبینەکانی ژمێریاری و ژمێریاران و هەموو ئەوانەی کە پەیرەوی پارێزگاریکردن لە تۆمارەکان دەیانگرێتەوە بۆ مەبەستەکانی باجی داهات.

٢- ئەو قەدەغەکردنەی کە لە بڕگەی (١)ی ئەم ماددەیەدا دەقنووس کراوە، پڕکردنەوەی ئەو پۆستانەی ئاماژەیان پێکراوە لەلایەن ئەو فەرمانبەرانەوە ناگرێتەوە کە پێش دەرچوونی ئەم پەیرەوە ئەزموونی ژمێریاری و وردبینی ژمێریاری و دارایی پێشتریان هەیە، ناوەکانیشیان لە تۆمارێکی تایبەتدا تۆمار دەکرێت کە سەندیکا بۆ ئەو مەبەستە ئامادەی کردووە .

**ماددەی (١١):** ئەندامانی سەندیکا و پیادەکاران بۆیان هەیە کە پیادەی پیشەکە بکەن لە کەرتی تایبەتدا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئەندامان، کە مافی ئەوەیان هەیە یەکێك لەم کارانەی خوارەوە ئەنجام بدەن:

١- ڕێکخستنی ژمێریاری کۆمپانیایەك (یان لقێکی لە کۆمپانیای) بیانی و ئامادەکردنی ژمێریاری و لیستە داراییەکانی بەسیفەتی ژمێریاری کۆمپانیا. (یان)

٢-ڕێکخستنی ژمێریاری سێ کۆمپانیای ناوخۆیی و ئامادەکردنی ژمێرە کۆتاییەکانیان و بودجە گشتیەکانیان، بە سیفەتی ژمێریارەکەیان، سەبارەت بە ئەندامی وەرگیراو مافی ئەوەی هەیە ژمێریاری تەنها دوو کۆمپانیای ناوخۆیی ڕێکبخات.

٣-کردنەوەی ئۆفیسی ڕاوێژکارییە داراییەکان یان ئۆفیسی ڕێکخستنی ژمێریاری بە پێی ئەو مەرجانەی سەندیکا دیاریان دەکات.

**ماددەی (١٢):**

**یەکەم: لقەکان لە پارێزگاکان**

١- ئەندامانی هەر لقێك لە پارێزگا لیژنەی لق هەڵدەبژێرن کە پێکهاتووە لە ســەرۆك و چوار ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ، پێویستە یەکێك لە ئەندامەکان لە ڕەگەزی ئافرەت بێت، ناشبێت ماوەی پیادەکردنی پیشــە لەلایەن ئەندامانی لیژنەی لق کەمتر بێت لە (٥) پێنج ســاڵ دوای بەدەســتهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە ژمێریاری.

٢- لق مافی ئەوەی هەیە ڕەفتار بە داهاتەکانیەوە بکات دوای بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەنجومەن.

٣- پێویستە لەسەر لیژنەی لقەکان و نوێنەرانی سەندیکا تاوتوێی ئەو بڕیار و ڕێنمایی و پێشنیازانە بکەن کە سەندیکا یان هەر لایەنێکی تری پەیوەست بە سەندیکاوە دەریان دەکەن.

٤- لیژنەکانی لقەکان بۆیان هەیە لیژنە پێویســتەکان پێکبهێنن کە یارمەتیان بدەن لە بەجێگەیاندنی کارەکانیان و ئاگادارکردنەوەی ئەنجومەن لەوە.

٥- ئەنجومەنی نوێی سەندیکاکان هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی لق و نوێنەرایەتییەکان بەپێی یاسا و ڕێسا گشتییەکان کە دەقنووس کراون لە یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٠دا.

**دووەم: نوێنەرایەتیەکان لە یەکە کارگێڕیە سەربەخۆکان**

نوێنەرایەتی لەســێ ئەندام و یەك ئەندامی یەدەگ پێکدێت،بەمەرجێک یەکێك لەئەندامانی نوێنەرایەتی دەبێت لە ڕەگەزی ئافرەت بێت، هەروەها ماوەی پیادەکردنی پیشــەکە لە پێنج ســاڵ کەمتر نەبێت دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە ژمێریاری.

**ماددەی (١٣):**

ناکرێ هیچ کۆمپانیایەك یان وەبەرهێنانێکی نیشتمانی یان بیانی تۆماربکرێت یان نوێبکرێتەوە بەبێ ڕێکخستنی گرێبەستێك لەگەڵ ژمێریارێکی ئەندام لە سەندیکای ژمێریاران و وردبینان لە هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (١٤): دەسەڵاتەکان و ئەرکەکان:**

**دەستەی گشتی:**

باڵاترین دەسەڵاتی سەندیکایە، کە لە گشت ئەندامانی ڕەسەنی سەندیکا کە ئەرکە داراییەکانیان بەرامبەر بە سەندیکا جێبەجێ کردووە، لە ڕێگەی ئەوەیشەوە نەقیبی سەندیکا و ئەندامانی ئەنجومەن هەڵدەبژێردرێن. دەستەی گشتی لانیکەم سێ ساڵ جارێك کۆبوونەوە ئاساییەکانی خۆی ئەنجام دەدات، دەکرێت دەستەی گشتی بانگهێشت بکرێت بۆ بەستنی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بە بڕیارێك لەلایەن ئەنجومەنەوە یان لە ڕێگەی داواکارییەکی نووسراوەوە لەلایەن یەك لەسەر سێی ئەندامان، داواکارییەکەش پێشکەش بە دەستەی کارگێڕی دەکرێت.

لە ئەگەری ئەوەی کە ژمارەی ئەندامانی دەستەی گشتی لە (٥٠٠) پێنج سەد ئەندام زیاتر بێت، ئەوا هەڵبژاردن لە ڕێگەی نوێنەرەکانەوە ئەنجام دەدرێت و ڕێژەی نوێنەرایەتی دیاری دەکرێت بە ١٥% لە ئەندامانی پێکهاتەی ئافرەت لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکاوە.

**دەسەڵاتەکانی دەستەی گشتی:**

أ. هەڵبژاردنی نەقیب و ئەندامانی ئەنجومەن لە ئەندامە ڕەسەنەکان، بەمەرجێك کە نەقیب خزمەتی پیادەکردنی پیشەکەی هەبێت بۆ ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە (١٠) دە ساڵ و خزمەتی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت کەمتر نەبێت لە (٧) حەفت ساڵ دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە ژمێریاری، دەشبێت یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەن و ئەندامێکی یەدەگ ئافرەت بن.

ب. سەندنەوەی متمانە لە هەریەکێك لەو کەسانەی کە لە بڕگەی سەرەوەدا ئاماژەیان پێکراوە یان لەکارلادانیان و هەڵبژاردنی کەسێك بۆ جێگرتنەوەیان.

ج. پەسەندکردنی بودجەی ساڵانە و ژمێریاری کۆتایی سەندیکا.

د. تاوتوێکردن و پەسەندکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی ئەنجومەن و هەر بابەتێکی دیکەی پەیوەست بە سەندیکا.

ه. سەیرکردنی پێشنیازەکانی ئەنجومەن سەبارەت بە هەموارکردنەوەی یاسا یان پەیڕەوە پەیوەستەکان بە کاری سەندیکا، هەروەها بنەماکانی ڕەفتاری پیشەیی.

و. پەسەندکردنی هەڵوەشاندنەوەی سەندیکا و پاکتاوکردنی کەل و پەلەکانی.

ز. ژمێریاری (حسابات) سەندیکا دەکەوێتە ژێر چاودێری و وردبینی دیوانی چاودێری دارایی هەرێم.

**١. ئەنجومەنی سەندیکا:**

ئەنجوومەنی سەندیکا بەڕێوەبردنی کاروباری سەندیکا لەئەستۆ دەگرێت و پێکدێت لە (٩) نۆ ئەندامی ڕەسەن و (٢) دوو ئەندامی یەدەگ، کە نەقیبیش دەگرێتەوە کە هەڵدەبژێردرێن لەو کۆنفرانسەدا کە دەستەی گشتی دەیبەستێت بە دەنگدانی نهێنی هەر (٣) سێ ساڵ جارێك، ئەنجومەنیش بە دەنگدانی نهێنی لەنێو ئەندامان جێگرێك بۆ نەقیب و سکرتێرێك و سەرپەرشتیارێکی دارایی هەڵدەبژێرێت. ئەنجومەن مانگانە جارێك دانیشتنە ئاساییەکانی خۆی دەبەستێت و ئەنجومەن بۆی هەیە کۆبوونەوەی ناوە ناوە ئەنجام بدات لە پارێزگاکانی هەرێم، هەروەك بۆی هەیە دانیشتنە نائاساییەکانی ببەستێت لەسەر بانگهێشتی نەقیب یان لەسەر داوای یەك لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەن، ڕێژەی (نیساب) یاسایی لە ئەنجومەن تەواو دەبێت بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان و بڕیارەکانیش بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەردەکرێن و لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکاندا، ئەوا لە بەرژەوەندی ئەو لایەدا یەکلایی دەبێتەوە کە نەقیب لەگەڵیدا دەنگی داوە، ئەنجومەنیش بۆی نییە لە بڕیارەکانی پاشگەز بێتەوە مەگەر بە دەنگی زۆرینەیەك بێت بڕیارەکە دەردەکات.

**دەسەڵات و ئەرکەکانی ئەنجومەنی سەندیکا:**

١- کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانج و مەبەستەکانی سەندیکا.

٢- پێشکەشکردنی پێشنیازەکان سەبارەت بە هەموارکردنەوەی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکا.

٣- جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دەستەی گشتی.

٤- ئامادەکردنی بودجەی ساڵانە و ژمێریاری کۆتایی و ڕاپۆرتی ساڵانەی چالاکییەکانی سەندیکا.

٥- دەرکردنی ڕێنماییەکانی ڕێکخستنی کارەکانی ئەندامان و ئۆفیسەکان (هەروەها نووسینگەی ڕێکخستنی ژمێریاری و ئۆفیسەکانی ڕاوێژکاریە داراییەکان).

٦- بڕیاردان لەسەر داواکارییەکانی پەیوەستبوون و پەسەندکردنی وەرگرتنی ئەندامان و پیادەکاران.

٧- هەڵبژاردنی کەسێك کە نوێنەرایەتی سەندیکا بکات لە لیژنە فەرمییەکان و ئەوانی تردا.

٨- ڕەوانەکردنی ئەو دۆز و سکاڵایانەی کە بۆی دێن، بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان.
٩- پەسەندکردنی خاوەندارێتی سامان و خانووبەرە و وەرگرتنی دیاری و بەخشینەکان و پێشکەشکردنی هاوکاریە داراییەکان بەپێی توانا.
١٠-نێوەندگیریکردن لە نێوان ئەندامان و خاوەن کارەکان لە لایەك و ئەندامان لە نێو خۆیاندا لە لایەکی ترەوە، بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو ململانێ پیشەییانەی کە دەکرێ ڕووبدەن.
١١-بڕیاردان لەسەر داواکاری دەست لەکارکێشانەوەی نەقیب یان هەر ئەندامێکی ئەنجومەن یان لیژنەکانی ناو سەندیکا.
١٢-ئیدارەدانی سامانی سەندیکا و کۆکردنەوەی بەخشینەکان و هاوکاریەکان و خەرجکردنی خەرجییە پێویستەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سەندیکا، هەروەها بۆی هەیە کە داوا لە لقەکان بکات بە گواستنەوەی ١٥% لە داهاتەکانیان بۆ ناوەندی سەندیکا (ئەنجوومەنی سەندیکا) ئەگەر پێویست بوو.
١٣- دەربڕینی ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی لقەکانی سەندیکا لە پارێزگاکان و نوێنەرایەتیەکانی یەکە کارگێڕیە سەربەخۆکان.
١٤-پێدانی مۆڵەت بۆ کردنەوەی ئۆفیسەکانی ڕێکخستنی ژمێریاری و ئۆفیسەکانی ڕاوێژکاریە داراییەکان.
١٥-پێدانی دەسەڵاتی کارکردن لە کۆمپانیاکان و ئۆفیسە تایبەتەکان بە ئەندامان و پیادەکاران بەپێی مەرج و ڕێکارەکانی سەندیکا.
١٦- پەسەندکردنی پلەبەرزکردنەوەی پیادەکاران لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تر و بەرزکردنەوەی پیادەکاران بۆ ئەندامانی بەدەست هێنراو بەپێی ڕێکارەکانی سەندیکا.
١٧- ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکان و دانانی مەرجە یاسایی و پیشەییەکان بۆ ئەو مەبەستە.
١٨- دامەزراندنی کارمەندانی سەندیکا و دیاریکردنی کرێیەکانیان.
١٩- سڕینەوەی ناوی ئەندامی پیادەکار لە تۆماری سەندیکا لە ئەگەری ئەوەی کە بڕیاری کۆتایی لەلایەن دادگای تایبەتمەندەوە لە دژی دەربچێت بەهۆی تاوانێکی پەیوەست بە شەرەفەوە یان تاوانێکی پیشەیی، ناشکرێت دووبارە تۆمار بکرێتەوە مەگەر دوای کۆتاییهاتنی ماوەی سزاکە بێت، هەروەها بێبەشیش دەکرێت لە هەموو ئەو مافە پیشەییانەی کە پێی دراون.

**ماددەی (١٥):**

١- پێویستە نەقیب خۆی یەکلایی بکاتەوە بۆ کاری سەندیکا.
٢- پێویستە یەك لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەن خۆیان یەکلایی بکەنەوە بۆ کاری سەندیکایی.

**دەسەڵاتەکانی نەقیب:**

١- سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی و دانیشتنەکانی ئەنجومەن.
٢- نوێنەرایەتیکردنی سەندیکا لەبەردەم لایەنە دادوەری و کارگێڕیەکان و دەستە فەرمییەکان بە ناوە مەعنەویەکەیەوە.
٣- پەسەندکردنی مامەڵە و بەڵگەنامەکانی تایبەت بە سەندیکا.
٤- پیادەکردنی گشت دەسەڵاتە دارایی و کارگێڕییەکانی تر کە لەلایەن ئەنجومەنەوە پێی دراون.
٥- دانی بەشێك لە دەسەڵاتەکانی بە نووسراو بەجێگر یان سکرتێری سەندیکا بە ڕەزامەندی ئەنجومەن.

**دەسەڵاتەکانی سەرۆکی لق:**

١- جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دەستەی گشتی سەندیکا و ئەنجومەنەکەی و لیژنەکانی.

٢- هەڵبژاردنی کەسانێك کە نوێنەرایەتی لق دەکەن لە لیژنە فەرمییەکان و لیژنەکانی تر لە پارێزگا.

٣- پێشکەشکردنی پێشنیاز و ڕاسپاردە تایبەتەکان بە کاروباری لق بۆ ئەنجومەن بۆ بڕیاردان دەربارەیان.

٤- ئامادەکردنی بودجەی ساڵانە و ژمێریاری کۆتایی لق و بەرزکردنەوەیان بۆ ئەنجومون بۆ پەسەندکردنیان.

٥- خەرجکردنی خەرجییە پێویستەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری لقەکە لە چوارچێوەی ئەو بودجەیەی کە بۆی تەرخان کراوە لەلایەن ئەنجومەنەوە، هەروەها ڕەفتارکردن بە داهاتەکانی لق لە بەرژەوەندی لقدا، ئەویش دوای بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەنجومەن.

٦- پێکهێنانی لیژنە لاوەکییەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی سەندیکا.

٧- پیادەکردنی هەر دەسەڵاتێکی تر کە ئەنجومەن پێی دەدات بۆ ڕاییکردنی کاروباری لق.

٨- دەسەڵاتەکانی نوێنەرایەتی کارگێڕیی سەربەخۆ دیاری دەکرێن لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکاوە.

**ماددەی (١٦): لیژنەکان**

**یەکەم: پێکهێنانی لیژنەکان:** ئەنجومەن لیژنەکان پێکدەهێنێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی سەندیکا و بۆ ڕاییکردنی کارەکانی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی بە ئەندامان و پیادەکاران و کەسانی تر، بە مەرجێك کە ژمارەی ئەندامانی هەر لیژنەیەك کەمتر نەبێت لە (٣) سێ کەس و بەو مەرجەش کە سەرۆکی هەر لیژنەیەك ئەندام بێت لە ئەنجومەنی سەندیکا.

١- لێژنەی بەرزفت و سکاڵاکان - ئەم لیژنەیە تایبەتە بە سەیرکردنی سەرجەم ئەو سەرپێچیانەی کە دەقنووس کراون لە یاسای سەندیکا و ئەم پەیڕەو و ڕێنماییانەی کە ئەنجومەن دەریان کردوون و هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوە لەو کەیس و سکاڵایانە و لیژنەی ڕێککاری پەیرەوی ئەو بنەمایانە دەکات کە لە یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەتدا هاتوون و هەموارکردنەوەکانیشیان، بڕیارەکانیشی بواری تانەلێدانیان هەیە لە دادگای تەمیز لە هەرێم لەمیانی (٣٠) سێ ڕۆژدا لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەی لە بڕیارەکە و بڕیاری دادگا کۆتایی دەبێت.

٢- لیژنەی پیشەیی، کە تایبەتمەندە بە کاندیدکردنی ئەندامان و پیادەکاران بۆ کارکردن لە کۆمپانیا و ئۆفیسە ناوخۆیی و بیانییەکان بەپێی ئەو ڕێکارانەی کە ئەنجومەنی سەندیکا بڕیاریان لەسەر دەدات، هەروەها ئامادەکردنی لیستی ناوی ئەو کەسانەی دەگیرێنەوە بەپێی ئەو پێشینەییەی کە ئەنجومەنی سەندیکا دیاریی دەکات یان هەر ڕێنماییەك کە لەلایەن سەندیکاوە دەردەچێت.

٣- لیژنەی چالاکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، کە هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی وانەکان و سیمینارەکان و پێشانگاکان و ئاهەنگەکان و گەشتەکان و فێستیڤاڵە وەرزشی و کۆمەڵایەتییەکان.

٤- لێژنەی پلەبەرزکردنەوەکان، لیژنەکە ڕادەسپێردرێت بە سەرپەرشتیکردنی کارەکانی پلە بەرزکردنەوەکانی پیادەکاران لە پلەی (ب بۆ أ) و لە پلەی (أ) بۆ ئەندامێکی وەرگیراو لە سەندیکا، بەرپرسیاریش دەبێت لە جێبەجێکردنی ئەو مەرج و ڕێنماییانەی کە ئەنجومەنی سەندیکا بڕیاریان لەسەر دەدات بۆ ئەنجامدانی ئەم پلەبەرزکردنەوانە و کارەکانی ئەم لیژنەیە ئەمانەی خوارەوە دەبن

أ. سەیرکردنی داواکارییەکانی پیادەکاران کە پێشکەشکراون بۆ پلە بەرزکردنەوە و دڵنیابوونەوە بەدیهاتنی هەموو ئەو مەرج و شایستەبوونە پراکتیکی و پیشەییانەی کە بڕیاریان لێدراوە بۆ کەسی پیادەکار.

ب. سەرپەرشتیکردنی ڕێکخستنی خولەکان و ئەنجامدانی تاقیکردنەوە تایبەتەکان بە پلە بەرزکردنەوەی پیادەکاران و دانانی بەرنامە و مەرجەکان.

ج. دیاریکردنی وادەکانی ئەنجامدانی خول و تاقیکردنەوەکان و ڕاگەیاندنیان بەپێی ڕێنماییەکان.

د. ڕێگریکردن لە پیادەکردنی پیشە بۆ ماوەیەك کە زیاتر نەبێت لە یەك ساڵ لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەی ئەندام لە بڕیاری کۆتایی. سەبارەت بە فەرمانبەر لە فەرمانگە فەرمی و نیمچە فەرمییەکان، قەدەغەکردنەکە سنووردارە بە کارکردن لە دەرەوەی کاتەکانی دەوامی فەرمی و ئاگادارکردنەوەی فەرمانگەکەی لە بڕیارەکە.

**شێوازی کارکردنی لیژنەکان بەم شێوەیەیە:**

١- دانیشتنەکانی لیژنەکان بە شێوەی نهێنی دەبن.

٢- بڕیارەکانی لیژنەکان بواری تانەلێدانیان هەیە لەبەردەم دادگای پێداچوونەوە لە هەرێم پەیوەست بە بڕیارەکانی لیژنەی ڕێککاری و سکاڵاکان لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەوە، بڕیاری دادگاش بنبڕو کۆتاییە لەم بارەیەوە.

٣- بۆ مەبەستی ئەنجامدانی کاری لێکۆڵینەوە یان داواکردنی ڕوونکردەوە، لیژنەکان مافی ئەوەیان هەیە پێداچوونەوە بکەن یان هەر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئەنجام بدەن لەگەڵ ئەو کەسانە یان لایەنانەدا کە بە پێویستیان دەزانن.

٤- خستنەڕووی بڕیارەکانی لیژنەکە بۆ ئەنجومەن بۆ پەسەندکردنیان.

٥- پێکهێنانی لیژنەکانی تر بەپێی پێویستیەکانی بار و دۆخی کار.

**ماددەی (١٧): سەرچاوە داراییەکانی سەندیکا:**

١- ئابوونەو ئەندامییەتی ساڵانە.

٢- کرێی مۆڵەتەکانی ئۆفیسە پسپۆریەکان و نوێکردنەوەی ساڵانەیان.

٣- کرێی پەسەندکردنی بودجەکان.

٤- ئەو یارمەتییانەی کە لەلایەن لایەنە فەرمی و نیمچە فەرمی و تایبەتەکانەوە پێشکەش دەکرێن.

٥- ئەو بەخشینانەی کە ئەندامان و غەیرە ئەندامان دەیدەن بە سەندیکا.

٦- بەشداریکردن و داهاتی ئەو ئاهەنگانەی کە سەندیکا ئەنجامیان دەدات و قازانجەکانی بڵاوکراوەکان.

٧- کرێی خانووبەرەکانی سەندیکا.

٨- ئەنجومەن مافی گۆڕینی کرێ و ئابوونەکان و نوێکردنەوەی هەیە بەپێی بارودۆخی ئابووری.

**ماددەی (١٨): تۆمارەکان:**

أ. تۆماری ڕۆژانەی گشتی.

ب. تۆماری بودجەی گشتی.

ج. تۆماری موڵك و ماڵ، کە هەموو موڵك و ماڵی سەندیکاکە تێیدا تۆمار دەکرێت.

د. تۆمارێك کە تێیدا هەموو زانیاریەکان لەسەر هەموو ئەندامان و پیادەکاران تۆمار دەکرێن.

ە. تۆماری کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن.

و. هەر تۆمارێکی تر کە سەندیکا هەڵیاندەگرێت، بەپێی پێویست.

**ماددەی (١٩):** پەیرەوی ناوخۆی سەندیکا لە ڕۆژی پەسەندی کۆنگرە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژی نامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕەشید تاهیر حسن**

**نەقیبی سەندیکای ژمێریاران و وردبینان**